## یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە«۱»ی ساڵی۱۹۹۹ی سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵییەکان

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار :۱۱**
**مێژووی بڕیار:۱۹/٤/۲۰۰۰**

«بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە(۳)ی ماددەی(۲)لە یاسای ژمارە(۱۰)ی ساڵی۱۹۹۷پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی۱۹/٤/۲۰۰۰یدا یاساکاری کردووە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا.

## یاسای ژمارە(۳)ی ساڵی (۲۰۰۰)
## یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە«۱»ی ساڵی۱۹۹۹ی سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵییەکان

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی دوازدەمینی یاساکە، هەموار بکرێ، بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە:

۱ـ دەستەی گشتی لە هەموو ئەندامانی سەندیکا، یابربکارەکان، کە بەپێی ئەم یاسایە ئیلتزاماتی خۆیان بەجێ هێناوە، پێکدێت. ئەم دەستە گشتییەش بە باڵاترین دەسەڵاتی سەندیکاکە دادەنرێ و، هەر «۳»ساڵیش جارێ لە مانگی کانونی دووەمدا کۆبوونەوەی گشتی ئاسایی خۆی لە بارەگای سەندیکاکەدا بە بڕیارێکی ئەنجومەن و لەسەر داواکردنی سەرۆکی سەندیکا«نەقیب»دەگیرێ، لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی سەندیکا«نەقیب» و هەشت ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگیش بۆ ئەندامێتی ئەنجومەن و ئەندامانی

لیژنەی «ئینزبات»هەڵدەبژێرێ و«نیصاب» یش بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامە ناوتۆمارەکراوەکان، یا بریکارەکانی دێتە جێ و، ئەگەر نەشهاتە جێ، ئەوا، لەوبارەدا، دوای تێپەڕبوونی پازدە ڕۆژ بەسەر کۆبوونەودی یەکەمدا هەڵبژاردن لە هەمان کات و جێگەدا ئەنجام دەدرێ. «نیصاب»یش بە ئامادەبوونی سێیەکی ئەندامان، یا بریکارەکان، دێتەجێ و، ئەگەر نەشهاتە جێ، ئەوا، ئەنجومەنی پێشتر، بۆ خولێکیدیکەش بەردەوام دەبێ.

٢ـ ئەگەر هات و، ژمارەی ئەندامانی سەندیکا لە«٥٠٠»ئەندام زیاتر بوو ،ئەوا هەڵبژاردنەکە لە ڕێگەی بریکارەکانەوە ئەنجامدەدرێ و، ڕێژەی نواندنیش لە لایەن ئەنجومەن، یان ئەوەی کە فرمانی هەڵدەسوڕێنێ، بە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاکەشەوە دیاری دەکرێ.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەتە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بڕیار لەسەر دانییەوە دەخرێتە کارو لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**د. ڕۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**